# داود ئۆغڵو :تورکیا چەکدارانی داعشی لە بەرژەوەندی خۆیدا بەکار هێناوە



ئەحمەد داود ئۆغڵو سەرۆک وەزیرانی پێشوی تورکیا، حکومەت بەوە تۆمەتبار دەکات کە چەکدارانی داعشی لە تورکیا لە بەرژەوەندی خۆیدا بەکار هێناوە.

ئاوێنە: داود ئۆغڵو چەند بابەتێکی نهێنیی خستە ڕوو و ڕایگەیاند "ئەگەر بابەتی بەرەنگار بوونەوەی تیرۆر لە نێوان ٧ی حوزەیران بۆ ١ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٥ هەڵبدرێتەوە ئەوا دەردەکەوێت زۆر کەس هەن کە لە ناو ئاکەپە دەستیان هەبووە لە هێرشە تیرۆرستەکانیی داعشدا."

بە پێی هەواڵێک کە لە ڕۆژنامەی جموریەتی تورکیادا بڵاو کراوەتەوە، کە دەربارەی سیاسەتی تورکیایە لە سوریادا، "لە پێناو لەناوبردنی بەشار ئەسەددا، حکومەتی تورکیا پاڵپشتی لە چەندین هێزی چەکداری ئیسلامی توند ڕەو کردووە، ئەم کارانەشی هەموی بە نهێنی ئەنجام داوە، ڕێکخراوە ئیسلامیە توندڕەوکان چەندین کاری قێزەونیان بە ئاگاداری حکومەتی تورکیا ئەنجام داوە، حکومەتی تورکیا بەرامبەر کارەکانیان بێدەنگی هەڵبژاردووە. لەو وادەیەدا چەکدارانی داعش لە هەموو دونیاوە هاتونەتە تورکیاوە و هەموو کارەکانیان بە ئازادی لە تورکیا ئەنجام داوە و لە سنورەکانی تورکیاوە چونەتە ناو ڕێکخراوەکەوە. تەنانەت ئەو چەکدارانەی

داعش که له شەڕەکاندا بریندار بوون هێنراونەتە تورکیاوە و لە تورکیا چارەسەری پزیشکیان بۆ ئەنجام دراوە. بەو واتایەی کە لە هەموو ڕویەکەوە تورکیا پارێزگاری لەم ڕێکخراوە توندوتیژە کردووە. لە نێوان ٧ی حوزەیران بۆ ١ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٥ ڕووداوەکانی سوروچ و ئەنقەرە ڕوویان دا کە بە هۆیانەوە چەندین کەسی بێ تاوان بوونە قوربانی، پۆلیس ئاگاداری ئەم ڕووداوە بوو بەڵام هیچ کارێکی بۆ ڕێگری کردن لەم ڕووداوە ئەنجام نەدا. لە شاری عەنتەبی تورکیادا بە سەدان چەکداری داعش بە ئاشکرا وانەی فیکرییان دەخوێند و هەر لەوێدا چۆنیەتی دروست کردنی بۆمب دەوترایەوە و ئەو کەسانەیان ئامادە دەکرد کە خۆیان بە هاوڵاتیاندا دەقاندەوە، هەر ئەو کەسانەش بوون کە لە ئەنقەرە و ئورفە گۆمی خوێنیان دروست کرد. لەم ماوەیەدا حکومەت زۆر بە خوێن ساردی بەرامبەر بەم ڕێکخراوە کاری دەکرد هیچ لێکۆڵینەوەیەکیان بەرامبەر بەم ڕووداوانە ئەنجام نەدەدا، ئەمەش بوە ڕێگا خۆشکەر بۆ چەکدارانی داعش کە بە شێوەیەکی ئاسان هێرشی چەکداری ئەنجام بدەن.

داود ئۆغلۆ نامەیەکی ئاڕاستەی حکومەتی ئێستای تورکیا کرد، "ئەگەر بابەتی بەرەنگار بوونەوەی تیرۆر بێتە ئاراوە ئەوا زۆر کەس هەیە کە ڕوبەڕوی دادگا دەبێتەوە". لە نێوان ٧ی حوزەیران بۆ ١ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٥ چەندین کاری تیرۆرستی ئەنجام دراوە، کە بە یەکێک لە خوێناویترین کاتەکانی تورکیا دادەنرێت، لەو وادە کەمەدا لە لایەن ڕێکخراوی داعشەوە ١٤ هێرشی تیرۆرستی ئەنجام دراوە. بەهۆی ئەو هێرشانەوە ١٠ پۆلیس و سەربازێک گیانیان لەدەست داوە بە کۆی گشتی ٣٠٤ کەس کوژراون و ١٣٣٨ کەسیش بریندار بوون. ١٠ لە هێرشەکان هێرشی خۆکوژی بوون و یەکێکیشیان ئۆتۆمبێلی بۆمب ڕێژ کراو بووە، سێ لە هێرشەکانیش هێرشی چەکداری بوون، هێرشەکانی سەر سوروچ و ئەنقەرە هێرشانێکن کە پێویستە سەر لە نوێ لێکۆڵینەوەیان لەسەر بکرێت.

حکومەتی ئاکەپە لە ساڵی ٢٠١١ەوە لە سوریا بە هەموو شێوەیەک پاڵپشتی لە هێزە چەکدارە ئیسلامیە توندڕەوەکان دەکات، ئامانج لەم کارەشی ڕوخاندنی ڕژێمی بەشارئەسەدە. ئەو کاتەی کە ئەردۆغان سەرۆک

وەزیرانی تورکیابوو پێیوابوو سووریا کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر تورکیا هەیە، بۆ ئەو مەبەستەش هەتا ئێستا لە پاڵپشتی کردنی ئۆپۆزسیۆنی سوریا نەوەستاوە.

بە هەزاران تورک لەو سەردەمەدا پەیوەندیان بە هێزەکانی داعشەوە کرد . هەرچەندە هێزەکانی ئاسایشی تورکیا ئاگایان لەم جموجۆڵانە هەبوو بەڵام هیچ ڕێکارێکی یاسایان نەگرتە بەر. لە نێو داعشدا چەندین هاوڵاتی تورک بوونە فەرماندە و دەسەڵاتدار پۆلیسیش بە وردی چاودێری جموجۆڵەکانی ئەو کەسانەی دەکرد بەڵام لەو کاتەدا هیچ هەنگاوێکی بۆ دەستگیرکردنی ئەو کەسانە نەنا. لە ساڵی ٢٠١٢ دا ئیلهامی باڵی کە فەرماندەیەکی نێو داعش بوو لە هەمان کاتدا هاوڵاتیەکی تورکیش بوو سەردانی ئەنقەرەی کرد و کۆبوونەوەی بە پاڵپشتیکەرانی داعش ئەنجام دا. لەو کاتەدا پۆلیس بەسەر کۆبوونەوەکەیدا دا و چەندین کەسیان لێ دەستگیر کردن بەڵام دەستیان لە ئیلهام باڵی نەدا و دەستگیریان نەکرد. تورکیا لە ساڵی ٢٠١٣دا داعشی وەک ڕێکخراوێکی تیرۆرستی ناساند .سەرەڕای ئەم بڕیارەش ئەو ئەندامانەی داعش کە لە شەڕەکاندا بریندار دەبوون لە شارەکانی عەنتەب و هەتای لە نەخۆشخانەی تایبەتدا چارەسەر دەکران .ئیلهامی باڵی لە ساڵی ٢٠١٤ دا لە پێش چاوی پۆلیسەکاندا و بە شێوەیەکی ئاشکرا سەردانی پۆلیسەکانی دەکرد.

بە مەبەستی زیاد کردنی ئەندامانی داعش ڕێکخراوەکە چەند کەسێکی ڕاسپاردبوو کە لە شارەکانی تورکیادا بانگەشە بۆ ڕێکخراوەکەیان بکەن و هاوڵاتی بێننە نێو ڕێکخراوەکەوە، ئەدیامان لە پێشینەی ئەو شارانەدا بوو کەتیایدا زۆرترین کەس پەیوەندیان بە ڕێکخراوی داعشەوە کرد. لە دوایی ئەوەی کە لە مزگەوتەکاندا نوێژی هەینی دەکرا ئەندامانی ڕێکخراوەکە لە مزگەوتەکاندا کۆبوونەوەیان ئەنجام دەدا، هەرچەندە ئەندامەکان بە وردی لە لایەن پۆلیسەوەچاودێری دەکران بەڵام پۆلیس ڕێگەی دەدا کە ئەو ئەندامانە لە ڕێگەی سنورەکانی تورکیاوە پەیوەندیی بە داعشەوە بکەن هەر ئەو ئەندامانەی ئەدیامان بوون کە هێرشەکەی سەر سوروچیان ئەنجام دا،

هێرشەکە بە سەرکردایەتی موستەفا دۆکوماج ئەنجام درا لەو ڕۆژەوە هەتا ئێستا بە دوایی موستەفادا دەگەڕێن بەڵام هەتا ئێستاش دەستگیر نەکراوە.

ماویەک سنورەکانی تورکیا بە تەواوەتیی لەژێر دەسەڵاتی تورکیاوە بوون . سنورەکان لە ژێر دەسەڵاتیی ئیلهامی باڵیدا بوون هەروەها حوجرەکانی غازی عەنتابیش لە لایەن یونوس دورمازەوە چاودێری دەکران. یونوس دورماز ١٥٠ کەسی لەژێر دەسەڵاتی خۆیدا پێگەیاندووە، ئەم ١٥٠ کەسە توانای ئەوەیان هەبوو کە هێرشی خۆکوژی ئەنجام بدەن یاخود تەقینەوە ئەنجام بدەن چونکە لە لایەن خودی دورمازەوە فێری چەکداری کراون، دورماز موچەی بۆ ئەم ١٥٠ کەسە بڕیوەتوە موچەکەش لە نێوان ١٢٠بۆ ٦٩٠ دۆلادا بوو. پلانەکەی دورماز بە شێوەیەک گەورە بووە کە پلانی ئەوەیان هەبووە غازی عەنتاب داگیر بکەن.

داعش لە غازی عەنتاب زۆر بەهێز بوو بوو، لە ٧ی حوزەیرانی ٢٠١٥دا هەڵبژاردنی گشتی ئەنجام درا و ئاکەپە تاک لایەنە توانیی حکومەت پێک بهێنێت. لەم ماوەیەدا و لە ٢٠ی تەموزی ٢٠١٥دا هێرشێکی خۆکوژی ئەنجام درا و سەرئەنجام ٣٤ کەس بوونە قوربانی. هێرشەکە لە لایەن عەبدولڕەحمان ئەلەگۆزەوە ئەنجام درا، ئەلەگۆز لە حوجرەکانی غازی عەنتەبەوە ئامادە کرابوو و ماتۆڕێکی پێ درا بوو لەوێوە سەرەڕای ئەوەی کە جەستەی بۆمبڕێژ کرابوو گەیشتە شەقامەکانی سوروچ دوو جار بە بەردەم بەڕێوبەڕایەتی پۆلیسدا تێ پەڕیوە. کێشەی گەورە ئەوەیە کە بەڕێوبەرایەتی پۆلیسی سوروچ ئاگاداری ئەوە بوو کە هێرشێکی خۆکوژی بە ڕێوەیە. پێش سێ ڕۆژ بەڕێوبەرایەتی پۆلیسی ئورفە نامەیەکیی ئاڕاستەی بەڕێوبەرایەتی پۆلیسی سوروچ کردبوو، "لە نامەکەدا داوا لە هەموو پۆلیسەکان کرابوو ئاگاداری ڕوودانی هێرشی خۆکوژی بن پێویستە لەو شوێنانەی کە ئەرکەکانیان ئەنجام دەدەن بە وردیەوە ئاگاداری شوێنەکە بکەن". بۆ ئەم مەبەستەش ئەم فەرمانە بە هەموو بەڕێوبەرایەتیەکانی شاردا بڵاو کرایەوە .بەڵام بەڕێوبەرایەتی پۆلیسی سوروچ ئەندامانی ڕێکخراوی لاوانی سۆسیالیستیان لەم دۆخە ئاگادار نەکردەوە کە پێشتر ڕایانگەیاند بوو کە دایانەوێت بچنە کۆبانی و پاڵپشتی خۆیان بۆ کۆبانی دوپات بکەنەوە. ئاڵا

گۆز ئەو کەسەی کە خۆی بۆ تەقینەوە ئامادە کردبوو بە بێ ئەوەی هیچ پشکنینێکی بۆ ئەنجام بدرێت خۆی کرد بە ناو ئەندامانی ڕێکخراوەکەدا و خۆی تەقاندەوە سەرئەنجام ٣٤ کەس کوژران.

ئەم ڕێکخراوە ئامانجیان ئەوە بوو کە پاڵپشتیەکانی خۆیان بگەێننە هاوڵاتیانی کۆبانی بۆ ئەم مەبەستەش کۆبوونەوەیەکی ڕۆژنامەوانیان ئەنجام دابوو، بێ ئاگا بوون لەوەی کە ڕووبەڕوی هێرشێکی تیرۆرستی دەبنەوە، بەهۆی ئەو هێرشەوە ٣٤ کەسیان لێ دەکوژرێت. هەرچەندە پۆلیسی سوروچ ئاگاداری ڕوودانی هێرشێکی تیرۆرستی بوو بەڵام هیچ ڕێوشوێنێکی ئەمنی بۆ ڕێگری کردن لە ڕووداوی هاوشێوەی هێرشەکەی سەر ئەنقەرە خۆکوژەکە بە ئاسانی خۆی کردوە بە ناو هاوڵاتیاندا و خۆی تەقاندوەتەوە ئەمەش نیشانەی پرسیار لەسەر هێزەکانی پۆلیس دروست دەکات.

ئەو کەسەی کە خۆی تەقاندەوە لە سنوری سوریاوە هاتە غازی عەنتاب و لە حوجرەکانی غازی عەنتابدا چاوی بە هەندێک لە ئەمیرەکانی داعش کەوت. لە ٩ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٥دا هەردوو خۆکوژەکە کە جەستەیان بە بۆمب داپۆشرابوو کەوتنە ڕێ. یەکێک لەو کەسانە ئاڵاگۆز بوو یەکێکی تریشیان هاوڵاتیەکی سوری بوو لە ئۆتۆمبێلەکەدا چەند ئەندامێکی تری داعشیان لەگەڵدا بوو. بە بۆنەی ئەوەی کە ڕێکخراوێکی مەدەنی لە شاردا کۆبوونەوە ئەنجام دەدات پێویستی دەکرد کە چەند دەستەیەکی پۆلیس لەو ناوچەیەدا هەبن و هاوڵاتیان بپشکنن ئامانج لەم کارەش پاراستنی ئاسایشی هاوڵاتیانە. بەڵام بە پێچەوانەوە ڕێگاکان چۆڵ بوون و هیچ پۆلیسێک لە ناوچەکەدا نەبوو، هەردوو خۆکوژەکە لە لایەن ئۆتۆمبێلەکەوە هەریەکە و لە شوێنێک دایان نان و بەرەو ئامانجەکە کەوتنە ڕێ یەکێکیان لە مەیدانی گار خۆی تەقاندەوە و ئەوی تریشیان لە کاتی خۆپیشاندانی ڕێکخراوەکەدا خۆی تەقاندەوە. بەهۆی ئەم دوو هێرشەوە ١٠٠ کەس گیانیان لەدەست دا کە لە ناویاندا دوو منداڵ هەبوون، تەنانەت هەندێک لەخۆپیشاندەران لە دوای ڕووداوەکە باسیان لەوە کرد کە چەندینجار هەوڵیان داوە خۆپیشاندان ئەنجام بدەن بەڵام لە لایەن پۆلیسەوە ڕێگریان لێ کراوە. ئەوەی ئەم جارە

به لایانەوە سەیر بووە ئەوە بوو کە هیچ پۆلیسێک لە ناوچەکەدا نەبوو.

لەدوای هێرشەکان و بوونە قوربانیی سەدان کەس ڕاپۆرتێک لە لایەن دەزگای هەواڵگریەوە ئاشکرا کرا. پێش ٢٠ ڕۆژ لە ڕوودانی تەقینەوەکەی ١٠ی تشرینی یەکەم، لە ١٤ی ئەیلولی ٢٠١٥دا داعش لە کاتی کۆبوونەوەکانیدا باسی لەوە کردوە کە چەندین تەقینەوە لە تورکیادا ئەنجام دەدات، ئەم زانیاریانەش گەیشتونەتەوە بە بەڕێوبەرایەتی پۆلیسی ئەنقەرە. تەنانەت لە سەر لە بەیانی ڕۆژی ١٠ی تشرینی یەکەمدا نوسراوێکی نهێنی لە لایەن دژە تیرۆری تورکیاوە دەدریتە بەڕێوبەرایەتی ئەنقەرە کە تیایدا ئاماژە بە ناوی ئەو کەسانەش کراوە کە دەیانەوێت تەقینەوە ئەنجام بدەن، ئەم ڕاپۆرتە دراوەتە دادگای باڵای سوروچ بۆ ئەوەی کە لێکۆڵینەوە لەو کەسانە بکرێت کە ڕێکاری پێویستیان بەرامبەر ئەم ڕووداوە نەگرتوەتە بەر، بەڵام لە لایەن دادگای ئەنقەرەوە فەرمانی لێکۆڵینەوە لە بەڕێوبەری پۆلیسی ئەنقەرە و جێگرەکەی وەستێنراوە.

لە سیاسەتی سوریادا میت لە ناوچەکەدا چەندین چالاکی ئەنجام داوە تەنانەت ڕاستەوخۆ لەگەڵ داعشدا پەیوەندیان هەبووە لە نزیکەوە ئاگاداری جموجۆڵەکانی داعش بووە. بەڵام میت هیچ کاتێک هەوڵی نەداوە کە ڕێگری لەم کوشتارانەی داعش بگرێت کە لە ڕێگەی تەقینەوەکانەوە ئەنجامیداوە.

٢٧,٠٨,٢٠١٩

وەرگیراو لە ماڵپەڕی ئاوێنە